# هێرشەكانی (فەرەنساو ئەڵمانیا) بۆ سەر كوردان شەرمەزار دەكەین

هەر لەوكاتەی كە كوردستانیان لەمرۆژانەدا خۆیان بۆ شەرمەزاركردنی هەشتەمین ساڵرۆژی پیلانگێڕی نێودەوڵەتی دژ بەگەلەكەمان لە كەسێتی بەڕێز "ئۆجەلان"دا ئامادەدەكەن، وڵاتانی ئەوروپی كە دەستێكی باڵایان هەبوو لە رادەستكردنەوەی رێبەری "كۆما كۆمەڵانی كوردستان" بەڕێز"عەبدوڵڵا ئۆجەلان" بەدەوڵەتی ئۆلیگارشی توركیا، دیسانەوە دەستیان كردەوە بە پەلاماردانی كۆمەڵە و رێكخراوە كوردییەكان و دەیان تێكۆشەری كوردیان دەستبەسەر كردووە و ماوەیەكیش بەر لەئێستا سكرتاریەتی كۆمیتەی وەزیرانی ئەوروپا پێشنیار بڕیارێكی ناڕەوا و ترسناكیان بۆ كۆمیتەی وەزیرانی ئەوروپا ئاراستەكردووە، كە تیایدا دادگایی كردنی بەڕێز"ئۆجەلان" لەتوركیا بەدادگاییەكی ئاسایی و رەوا دادەنێت و پێشنیار دەكەن كە سەرلەنوێ دادگایكردنەوەی بەڕێزی پەسندنەكرێت.

بێگومان كاتی هێرشەكانی ئەمدوایانەی وڵاتانی ئەوروپی زۆر سەرنج راكێشە، هەر لەوكاتەی كە كوردستانیان چاوەڕوانی ئەوە بوون كە وڵاتانی رۆژئاوا بەگشتی و بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپی بەخۆدا بچنەوەو رەخنەدانێك لەبەرامبەر ئیرادەی كوردان بدەن و داوای لێ بووردن لە كوردستانیان بكەن، كەچی بە پێچەوانەوە لەهەفتەی رابردوودا چەندین كۆبوونەوەی نهێنیان دژبە گەلی كورد و بزاڤە ئازادیخوازەكەی ئەنجامداوە و زۆر بڕیاری ترسناكیان لەو بارەیەوە وەرگرتووە.

بۆیە وەكو پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان(پچدك)، هێرشەكانی ئەم دواییانەی وڵاتانی فەرەنسا و ئەڵمانیا بۆ سەر كۆمەڵە و رێكخراوە كوردییەكان و دەستبەسەركردنی تێكۆشەرانی كورد لەو دوو وڵاتەدا بە توندی مەحكوم و شەرمەزار دەكەین و سازدانی ئەو كۆبونەوانەی كە بەنهێنی لەم دواییەدا لە ئەڵمانیادا لەنێوان (ئەمریكا و توركیا و وڵاتانی ئەوروپی)دا ئەنجامدراوە بەدرێژەدان بەپیلانگێڕی نێو دەوڵەتی(15 / 2 / 1999) دژ بەگەلی كورد و ئیرادە سیاسییەكەی دادەنێین. هەر بۆیە ئەو بڕیارانەی كە لەو كۆبوونەوانەدا وەرگیراون و بەتوندی مەحكوم و شەرمەزاریدەكەین، لەهەمانكاتیشدا داوا لەرای گشتی گەلەكەمان و هێزە سیاسییەكان دەكەین كە پێویستە لە بەرامبەر ئەو هێرشانەدا وشیاربن و بەهەموو توانستەكانیانەوە كار بۆ پۆچكردنەوەیان بكەن.

## هێزە سیاسییە كوردستانییەكان...

وەكو ئاگادارن، واچەندین جارە وڵاتانی رۆژئاوا دژ بەگەلەكەمان و دۆزە رەواكەی و تێكۆشەرانی، هاوكاری وڵاتانی هەرێمی دەكەن و پیلانی لەناوبردن و پاكتاوكردنمان دادەرێژن، هەر زلهێزە ئەوروپیەكانی وەكو بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا بوون كە لە دوای جەنگی یەكەمی جیهانی خاكی كوردستانیان دابەشكرد و هەربەشێكیشیان لكاندە یەكێك لەوڵاتەكانی (توركیا و ئێران و ئێراق و سوریا)وە. دواتریش بەدرێژای سەدەی بیستەم، سیاسەتی "پەرتكە و زاڵبە"یان لە كوردستاندا بەڕێوەبرد و بەهەموو شێوەیەك هاوكاری وڵاتانی داگیركەری كوردستانیان كرد و هەموو چەك و تۆپ و تەكنەلۆژیای شەڕ هەیە لەسەر خەڵكی كوردستان تاقیكردەوە. وا ئەمڕۆكەش دیسانەوە خودی ئەو هێزانە پشتگیری لەسیاسەتی نكۆڵیكردن لە ناسنامە و هەبوونی كورد دەكەن كە دەوڵەتی توركیا لەباكووری كوردستاندا بەڕێوەیدەبات و بەنیازیشە پەلاماری باشووری كوردستانیش بدات و ئەزموونی پانزە ساڵەی حكومەت و پەرلەمانی خۆماڵی هەرێمی كوردستان تێكبدات و رێگری لە جێبەجێكردنی مادەی (140) بكات. هەر بۆیە ئەركی سەرشانمانە وەكو هێزە سیاسییەكان كە راستینەی ئەو پیلانگێڕانە بۆ رای گشتی گەلەكەمان ئاشكرا بكەین و پێشەنگایەتی چین و توێژەكانی كۆمەڵگا بكەین بۆ ئەوەی بەرنگاری ئەو پیلان و ناهەقییە زلهێزە ئەوروپیەكان ببینەوە.

## گەلی كوردی وڵاتپارێز...

پارساڵ دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا بڕیاری خۆی سەبارەت بەپرۆسەی دادگایی كردنەكەی بەڕێز "ئۆجەلان"دا و رایگەیاند كە پرۆسەی دادگایكردنەكە مەرجەكانی دادگاییەكی ئاسایی و حقوقی تێدا نەبووە. بۆیە بڕیاری سەرلەنوێ دادگایی كردنەوەی بەڕێز"ئۆجەلان"یان بەشێوەیەكی یاسایتردا، بەڵام وەكو ئاگادارن ئەمرۆژانە وا بەدەردەكەوێت، دیسانەوە سەرانی سیاسی ئەوروپا گوێڕایەڵی بنەماكانی ماڤ مرۆڤی خودی وڵاتەكانی خۆشیان نابن و درێژە بەدژایەتی كردنی گەلی كوردستان و ئیرادە سیاسییەكەی دەدەن. كۆبوونەوەكانی ئەم دواییەی كۆردیناتۆری(pkk)لەئەڵمانیا و هێرشەكانی سەر كوردان لە ئەڵمانیا و فەرەنسا زەنگی مەترسیدارن و وادیارە پیلانگێڕی دیكە بۆ پاكتاوكردنی بزاڤی ئازادیخوازی كوردستان ئامادەدەكەن. بۆیە وەكو هاوڵاتیانی كوردستان ئەركی سەر شانی هەموومانە، لەم قۆناخە هەستیارەدا كە كوردستان و هەرێمەكە پێیدا تێپەڕدەبن، هەم هۆشیار بین و هەمیش بەتوندی بەرەنگاری پیلانگێڕان ببینەوە،بۆ ئەمەش داوا لە هەموو كوردستانییەكی بەشەرەف دەكەین كە بایكۆتی ئەڵمانیا و ئەو دەوڵەتانەبكەن كە دەخوازن سیاسەتی نكۆڵی و پاكتاوكردن لەسەر گەلی كورد بەردەوام بكەن.

**– نا بۆ پیلانگێڕی و تیرۆریزمی نێو دەوڵەتی**

**– نا بۆ هێرشەكانی فەرەنساو ئەڵمانیا بۆ سەر تێكۆشەرانی كوردو رێكخراوەكانیان**

**– بەڵێ بۆ چارەسەری ئاشتیانە و دیموكراتیانەی كێشەی گەلەكەمان لەهەر چوار بەشی كوردستان**

**مەكتەبی سیاسی**

**پارتی چارەسەری دیموكراتی كوردستان**

**2007 / 2 / 8**